www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:51 9-2-2006

# راپۆرتی رۆژنامەوانی چییە، وچۆن دەنووسرێت؟ .. نووسینی ئەحمەد تەوکلی.. و: مەجید سالح

راپۆرتی رۆژنامەوانی بریتیە لە"خستنە رووی وردەکارییەکانی هەواڵێك یان رووداوێك یان بابەتێکی کۆمەڵایەتی" لەم حاڵەتەدا ئەگەر وێنەی رووداوەکە بە وردەکاری وەسفکردنەوە بخرێتە بەردەستی خوێنەر ئەوکات سەرنج راکێشتر دەبێت وزیاتر دەخوێنرێتەوە. لە هەمانکاتدا ئەگەر لێکۆڵینەوەی لە گەڵدا بێت ئەوا زیاتردەبێتە جێگەی باوەڕ ومتمانە لای پەیام وەرگر. پێویستە بگوترێت پسپۆرانی بواری زانستی پەیوەندییەکان وریپۆرتەرە شارەزاکانی بواری چاپەمەنییەکان چەندین جۆر پێناسەیان سەبارەت بە راپۆرتی رۆژنامەنووی خستوەتە روو. لێرەدا هەندێك لەو پێناسانە دەنوسینەوە:

ـ راپۆرت جۆرێکە لە هەواڵی وێنەیی ووەسفی. ریپۆرتەریش ئەو کەسەیە هەستەکانی خۆی بە قەرز دەداتە خوێنەرانی رۆژنامە وبیسەرانی رادیۆ وبینەرانی تەلەفزیۆن وسینەما.

ـ راپۆرت واتە خستنە رووی راستییەکانلە رێگەیرۆژنامەوە، راپۆرت واتە درێژەی رووداوەکان.

ـ راپۆرت بریتیە لە دارشتن ولێکۆڵینەوە هەواڵێك لە گەڵ گێرانەوەی بابەت ودیمەنەکانی رووداوەکە بە شێوەیەکی هونەریانە و دەرخستنی راستیە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

ـ راپۆرت هونەری خستنە رووی ناڕاستەوخۆی رووداوەکانە (ئەم پێناسەیە تایبەتە بە راپۆرتە ناهەواڵیەکان وئەو راپۆرتانەی کە وەسف وشیکردنەوە زیاتر بەسەریاندا زاڵە)

ـ راپۆرت بریتیە لە وێنە کێشانی ساتە مێژوییەکان ودەنگدانەوەی رووداوەکان وبەرهەمی قەڵەمی تیژی ئەورۆژنامەنووسەیە ئەودیوی رووداوە رۆژانە سادە سیاسی وکۆمەڵایەتی وکلتورییەکان دەبینێت.

ـ پێناسەی تر هەیە ریپۆرتەری بە چاوی هەڵۆی رۆژنامەوانی لە قەڵەم دەدات و بەو کەسەی دەزانێت رووداوە نهێنیو شاراوەکان بەرەلا دەکات و دەستی دەگاتە هەموو ئەوانەی خراونەتە ژێر بەڕەکەوە. بە تایبەت رووداوە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان.

ـ راپۆرت بەر ئەنجامی گێرانەوە پەیامنێرە بۆ رووداوێك بە مەبەستی گەیاندنی راستییەکان. ئەو رووداوەش چەند بەهایەکی هەواڵی تێدایە.

ـ راپۆرت: لە راستیدا لە حکایەتەکۆنەکانی جاران دەچێت کە لە لایەن حیکایەت خوێنەکانەوە بە زمانێکی جوان وشیرین باسدەکران. ئەوان لە ڕووداوەکان چیرۆکیان دادەتاشی. هەر لە بەر ئەوەشە دەڵێن راپۆرت لە سنووری چیرۆك وهەواڵدا دەسوڕێتەوە. نووسینی چیرۆك سەخت ودژوارە نووسینی هەواڵیش هونەرێکی ئاڵۆزە وئاسان نییە، پێکەوە گرێدانی ئەم دووانە پێویستی بە شارەزایی ولیهاتووی وماندووبوون هەیە.

ـ راپۆرت:تەکنیکێکە کەڵکوەردەکرێت لە هونەری چیرۆك (وەسف وفەزا) بۆ گێڕانەوەی رووداوە راستەقینەکانی رۆژ ولە هەمانکاتدا هەڵدەستی بە شیکردنەوەیان و بە دوای وەلامی"بۆ؟" و"چۆن؟"ی رووداوەکاندا دەگەڕێت.

ـ راپۆرتی رۆژنامەوانی بریتیە لە لێکدانەوە یان شیکردنەوەی دیاردە یان کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، بە مەرجێك گشتی وگشتگسر بن. لە راپۆرتی رۆژنامەوانیدا بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوەی زانستی، ئامان چارەسەرکردنی کێشەکە نییە، بەڵکو خستنەرووی کێشەکەیە بۆ بەردەم رایگشتی.

ـ راپۆرت تەکنیکێکە لە ڕێگەیەوە پەیامی ڕووداوێك یان کارەساتێك یان ڕووداوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوورر وکولتوری دەگاتە پەیام وەرگر. لەو پەیامەدا ڕەگەزەکانی هەواڵ، لێکدانەوەو چاوپێکەوتن و وەسفبەکاردێت. ئامانجیش لەوبابەتە پێدانی زانیاری ودۆزینەوەی چارەسەرە.

## گرنگی وپێگەی راپۆرتی رۆژنامەوانی:

کاتێك هەواڵێك (News) یان بابەتێك (Subject) یان ڕووداوێك (Event) دەبێتە خاوەن گرنگیەکی تایبەت وسەرنجی ریپۆرتەرێك بۆ لای خۆی رادەکێشێت وهەڵدەستێ بە گەڕان بە دوای وردەکارییەکانی، لە ئەنجامدا لە چەندین گۆشەی جیاجیاوە دەخرێتە بەر ڕەخنەو لێکۆڵینەوەوە.

هەندێك جار چانتایی ڕووداوەکە هێندە گرنگ وبەرفراوان وهەژێنەر وسەرنج راکێشوچاوەڕوان نەکراوە، ناکرێت تەنیا لەچوارچێوەی هەواڵێکدا باس بکرێت وپێویستی بە دوادا چوونی زیاتر هەیە. ئا لەم کاتەدایە راپۆرت خۆی قووت دەکاتەوەبە تەنیشتی هەواڵدا گوزەر دەکات وشۆڕ دەبێتەوە بۆ قوڵایی ڕووداوەکە وگۆشە تاریکەکانی رووناك دەکاتەوە.

هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتیسۆفیاتی جاران، سەرکەوتنی شۆڕشی ئێرانییەکان، جەنگی عیراق ئێران، ئەنفلوەنزای باڵندە بومەلەرزەو لافاوە گەورەکان پێویستە لە قاڵبی هەواڵ دەربچن وبە شێوەیەکی درێژتر بخرێنە بەرچاو.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا وئابووری ومەسەلە پەیوەندیدارەکان بە گەندەڵی وکێشەی نیشتەجی بوون ڕووداوە زانستی وکۆمەڵایەتی وکولتورییەکان، ئەو بابەتانەن کە ناکرێت تەنیا بە هەواڵێك لە بارەیانەوە خواستی پەیام وەرگرەکان پڕبکرێتەوە. هەر لە بەر ئەوەیە لە ڕێگەی راپۆرتێکی رۆژنامەنووسیەوە ئەو خواستانە دابین دەکرێت. زۆربوونی داواکاری لە لایەن پەیان وەرگرەکانەوە بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان، گرنگی راپۆرتی رۆژنامەوانی دەردەخات.

## رۆڵ وگرنگی ریپۆرتەر لە کاری رۆژنامەوانیدا:

ریپۆرتەر بۆ ئەوەی بتوانێت تەنگو چەڵەمەیەك یان گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییۆ رۆژنامەکەی شیبکاتەوە یان گۆشەکانی هەواڵێك ڕووناك بکاتەوە دەبێت بچێت بە دوای خەڵك وبەرپرس وپسپۆرەکاندا، ئەرشیفی بەڵگەنامەکان بدۆزێتەوە. پاشان کۆکراوەی هەموو زانیارییەکانی لە قاڵبێکی هەنەری وتەکنیکی و لە شێوەی راپۆرتێکی رۆژنامەوانیدا بخاتە ڕوو. داوا لە رایگشتی بکات حەکەم بێت لە سەر کێشەکانی ئەو کێشانەی لە راپۆرتەکەدا خراونەتە ڕوو. بەرپرسان ئاگاداربکاتەوە و کۆمەڵگا بخاتە بەردەم هەڵوێست وەرگرتنەوە وئاراستە راستەقینەکان دەست نیشان بکات.

هەر لە بەر ئەوانەیە چاپەمەنیەکان گرنگیەکی تایبەت بە راپۆرتی رۆژنامەنووسی دەدەن. ریپۆرتەرەکانیش بە کاراترین ئەندامانی دەستەی نووسەران دێنە ژماردن، بگرە ئەوانە ناسنامەی دەستەی نووسەرانی هەر رۆژنامەیەك پێك دەهێنن وقوڵایی دەبەخشنە رۆژنامەکان و ڕووداوەکان لە چەندین دیدگاوە دەخەنە ڕوو تاکۆ پەیام وەرگر راستی مەسەلەکانی بۆ ئاشکرا بێت.

ریپۆرتەرەكان دەتوانن پێشبینی ڕووداوەكان بكەون ویارمەتی دروستكردنی باوەڕی نۆی بدەن لە ناوكۆمەڵگادا. ببە پردێك لە نێوان ڕووداوو خوێنەردا. راپۆرتەكان بۆ رژنامە نووسەكانیش بە كەڵكن هەلیان بۆ دەرەخسێنێت تاكو بە شێوەیەكی كراوەتر و سودمەنتر بیر بكەنەوە. بە مانایەكی تر ریپۆرتەر دەتوانێت لە رێگەی لێكۆڵینەوە كۆكردنەوەی زانیاری زیاتر راستیەكان وەكو خۆیان بخاتە روو.

## جۆرەكانی راپۆرتی رۆژنامەوانی:

لە رووی شێوەو ناوەڕۆكەوە راپۆرت دەكرێت بە دوو بەشەوە:

١ ـ راپۆرتە هەواڵ

٢ ـ ڕاپۆر نا تەهەواڵ

لەم پۆلێنكردنەدا راپۆرتە ناهەواڵی دەكرێت بەم بەشانەوە:

١ـ راپۆرتی رۆژانە.

٢ـ راپۆرت لە سەركەسایەتی.

٣ ـ راپۆرت لەسەر شوێن.

٤ ـ راپۆرتی سەفەر.

٥ ـ راپۆرتی وێنەیی.

٦ ـ راپۆرتی ریكلامی.

٧ ـ راپۆرت لە سەر شتێك.

سەرچاوە

گزارش نویسی در مگبوعات. احمد توكلی